کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:27 15-4-2007

## سیاسەت و گەندەڵی... سازدانی تەوەرە / هۆگر غەریب

دوای تێپەڕینی زیاتر لە (8) مانگ بەسەر دەستبەکاربوونی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، تا ئێستا ئالیەتێکی گونجاو نەگیراوەتە بەر بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر ئەو دانپێدانانەی سەرۆکی حکومەت سەبارەت بە بوونی گەندەڵی بێنین کە لە کاتی وەرگرتنی متمانە لەبەردەم پەرلەماندا دانی پێدا نا و هەبوونی لە حکومەت بە شەرمەزاری وەسف کرد.
ئێستا ئەو پەتایە ڕووبەڕووی سیاسەتی کوردی بۆتەوە و زۆر جار لە ڕێگای حیزبەوە گەندەڵی دەگوازرێتەوە بۆ حکومەت و حیزبی سیاسی دەبێتە مایەی قوڵبوونەوەی گەندەڵی لە کوردستاندا. زۆر جاریش دەبینین هەندێك حیزبی سیاسی باس لە هەبوونی گەندەڵی دەکەن لە کوردستاندا بێ ئەوەی هیچ پرۆژەیەکیشیان هەبێت بۆ چارەسەرکردن.
لێرەوە دەروازەیەك دەکەینەوە بەرووی هەندێك لە سیاسی و وەزیر و پەرلەمانتار و کەسایەتییە دیارەکان بۆ ئەوەی قسەی جددی لە ماوەی کردنەوەی تەوەرەیەك لەسەر سیاسەت و گەندەڵی دروست بکەین و وەڵامی پرسیارگەلێك بدۆزینەوە لەسەر ئەوەی:
* بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی چی کراوە لەسەر ئاستی (حکومەت و پەرلەمان و حیزب) ؟
* پاش یەکگرتنەوەی حکومەت هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی گەندەڵی نراوە؟
* حیزبی سیاسی نەبۆتە مایەی قووڵبوونەوەی گەندەڵی لە کوردستاندا؟
* گەندەڵی لە حیزبەوە نەگوازراوەتەوە بۆ حکومەت؟
* پەرلەمان کام یاسای داڕشتووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی؟
* حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان چییان پێشکەش کردووە بە پەرلەمان و حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی... ؟
ئەمانە و چەندین پرسیاری تر بە ڕووی سیاسییەکاندا دەکەینەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر و قسەکردنێکی جددی لەسەر تێکەڵاوبوونی گەندەڵی بە سیاسەتی کوردی.
بەڕێز شوکروڵڵا حەمەدئەمین -سکرتێری حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.. ئەڵقەی دووەم
سازدانی تەوەرە / هۆگر غەریب
- بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی چی کراوە لەسەر ئاستی (حکومەت، پەرلەمان، حیزبەکان) ؟
+ لەپێشدا بەر لەوەی وەڵامی ئەوە بدەمەوە کە چ هەنگاوێك هاوێژاوە بۆ بەرگرتن لە دیاردەی گەندەڵی، پێم خۆشە بزانین گەندەڵی لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە و گەندەڵکاری چییە و کێ هەوڵی نەهێشتنی ئەو دیاردەیە دەدا؟
ئایا دەسەڵاتی کوردستان دان بەوەدا دەنێ کە گەندەڵی لە کوردستان بۆتە دیاردەیەکی زەق تاوەکو هەوڵی نەهێشتنی بدا؟
چونکە ئەوەی گوێبیستی دەبین لە دەسەڵاتداران دەڵێن ئەم دیاردەیە بەم شێوەیە نییە، بەڵکو گەورە دەکری، ئەوانەی قسەش لەسەر ئەم دیاردەیە دەکەن قسەی بێ بنەمان، چونکە دەبێ قسەکردن لەسەر دیاردەی گەندەڵی بە ژمارە و بەڵگە بێ.
دیارە لێرە مەبەست لە گەندەڵیی داراییە زیاتر.
بۆیە لێرە بە پێویستی دەزانم باسی دیاردەکانی دەسەڵاتێکی گەندەڵی و دەرئەنجامەکانی لەسەر کۆمەڵگا بکەم، با خوێنەر بەراوردی بکا لەگەڵ دەسەڵاتی کوردستاندا، بزانی ئەم دیاردانە لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەسەڵاتی کوردستاندا هەن؟ ئەگەر هەیە، لە چ ئاستێکدایە؟ من دەمەوێ لە ڕێی خستنەڕووی دیاردەکانی گەندەڵییەوە وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە.
گەندەڵی یەکسانە بە (دەسەڵات + مۆنۆپۆل + شەفافیەت).
لە کوێ دەسەڵات و ئابوری بەیەکەوە کۆبووەوە، لەوێ گەندەڵی بوونی دەبێ، ئایا ئابووریی کوردستان لەدەست کێدایە؟ بێگومان هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە وەڵامی ئەم پرسیارەی پێیە، کەوایە چی کراوە بۆ ئەوەی نوخبەی دەسەڵات و نوخبەی ئابووریی کوردستان لێك جیا بکرێنەوە؟ بێگومان نەك هیچ نەکراوە، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە چنگ لە بینەقاقای ئابووریی وڵات گیر دەکەن.
لەلایەکی ترەوە گەندەڵی لە ژینگەی ناشەفاف و ناڕۆشندا گەشە دەکا و پەرە دەسێنێ، لەم وڵاتەی ئێمە کێ ئاگای لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاری حکومەتە و خەرج و داهاتی ئەم حکومەتە چۆنە؟ حکومەت چەند ئامادەیە خۆی بەرووی خەڵك و میدیاکاندا بکاتەوە و شەفاف بێ لە کارەکانیدا؟ لە وەڵامی ئەمەشدا دەتوانین بڵێین تا ئێستا کارەکانی حکومەت لەژێر پەردەیەکی هێندە ڕەشدایە، بەڵکو بە تارماییش نابینن، بۆیە لێرە لە وەڵامی پرسیارەکەتدا دەڵێم تا ئێستا لەلای دەسەڵاتی کوردستان ئیرادەی نەهێشتنی ئەم دیاردەیە نییە تاوەکو ڕێ و شوێنی بۆ بگیرێتە بەر و بەری لێ بگیری.
پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە هەنگاو بەرەو چارەسەری گەندەڵی نراوە؟
+ بەداخەوە زەقبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی یەکێك لە هۆیەکان دووئیدارەیی بوو، کە لەبەر ململانێی یەکتری چاویان لە گەندەڵکاری دەپۆشی، نەوەك سەنگەری بگوازنەوە، کە بە خۆشحاڵییەوە بە ڕێزەوە کەسی گەندەڵکار لەلای یەکتر وەردەگیران! لەدوای یەکگرتنەوەش بە بێ هیچ لێپرسینەوەیەك لە ڕابردوو خەڵکی زیاتر بەرەو نائومێدی برد و ئەم دیاردەیەشی زەقتر کردەوە، بۆیە پێویست بوو لەگەڵ یەکگرتنەوەدا لیژنەیەك پێکبهاتایە بۆ لێپرسینەوە لە ڕابروو، لێپرسینەوە لەو خەڵکانە بکری ئەوانەی لەم ماوە کورتەدا بەم شێوەیە دەوڵەمەند بووە. دیارە کورتترین پێناسەی گەندەڵی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ بەدیهێنانی دەسکەوتی تایبەت، بۆیە پێویستە و پێویستیش بوو ئەم لیژنەیە لەسەر پرنسیپی (ئەمەت لەکوێ بوو؟) کاری بکردایە، چونکە ئەم سەرمایە زۆرە لەم ماوە کورتەدا مووچەی شەرعیی خۆی و باوکی و عەشیرەتەکەشی بۆ کۆ بکەیتەوە، هێشتا بەقەد ئەوە نییە! بۆیە سەلماندنی گەندەڵی لەسەر ئەوانە پێویستی بە بەڵگە و ژمارە نییە.
- حیزبی سیاسی بۆتە مایەی قوڵبوونەوەی گەندەڵی لە کوردستان؟
+ یەکی لە دیاردەکانی گەندەڵی دیاردەی گەندەڵیی سیاسییە، ئەم دیاردەیە کاتێك ڕوو دەدا کە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی سیاسی و ناوەندی بڕیار لەجیاتی جێبەجێکردنی یاسا خۆیان یاسا پێشێل دەکەن و لە هەمان کاتیشدا ئەو یاسایانە دەردەکەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندایە، ئاشکرایە لە کوردستان کێیە یاسا پێشێل دەکا.
- گەندەڵی لە حیزبەوە نەگوازراوەتەوە بۆ ناو حکومەت؟
+ یەکێکی تر لە دیاردەکانی گەندەڵی بیرۆکراتیەت و بەرتیلدان و واستە و خزم خزمێنە و... هتدە، لەلایەکی تریشەوە گەندەڵیی هەڵبژاردن، ئەم دیاردانە ڕۆژانە لەناو حیزبدا دەبینین، مەسەلەی کڕینی دەنگ چ لەناو هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی حیزبدا بێ، یاخود بۆ هەڵبژاردنی تر، بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی، خۆ ئێستا پۆستی حیزبیش باوك دەمری کوڕی یا کچی یا برای لە جێگە دادەنێن! یاخود ئەگەر خزمێکی باڵادەست بوو لە حیزبدا پۆست وەرگرتن و کار ڕاییبوونت زۆر ئاسانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەلایەکی ترەوە بۆ لە کوردستان بە هیچ میکرۆسکۆبێك حیزب و حکومەتت بۆ لێك جیا دەکرێتەوە، تاوەکو بەراوردێك لەنێوانیاندا بکەی؟!!
ئەم پەتایە لە کاتێکدا دەبێتە دیاردە لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیان ڕەنگ دەداتەوە و هیچ بوارێك هەڵنائاوێزی.

- پەرلەمان کام یاسای دارشتووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی؟

+ لەپێشدا وتم دەسەڵاتی ئێمە بە تەواوی دان بەوەدا نانێ کە گەندەڵی لە کوردستاندا بووەتە دیاردە، تاوەکو ڕێ و شوێن دابنێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی.. دواتر وتم ئەو ئیرادەیە لەلای دەسەڵاتی ئێمە نییە کە گەندەڵی نەهێڵی، ئەگەرنا دەبێ پێش هەموو شت ئەو ژینگەیەی کە گەندەڵی تێیدا گەشە دەکا هەوڵی نەهێشتنی بدا، ئەویش شەفافبوونە، ئەوەی ئاگادار بم پرۆژەیەك لەلای کاك سەردار هەرکی ئەندام پەرلەمانەوە ئامادە کراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە، من پرۆژە یاسایەکم خوێندۆتەوە شتی باشی تێدایە، پێویستە دەوڵەمەندتر بکری. ئەوەی گرنگ بێ لەم پرۆژەیەدا دەبێ ئەوانەی پۆستی باڵا وەردەگرن لە حکومەتدا، سەرمایەکانیان بۆ پەرلەمان ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەوە نزیکەی ساڵێکە تا ئێستا ئەم پرۆژەیە لە پەرلەمان قسەی لەسەر نەکراوە، نازانم بۆچی! داوا دەکەین بە زووترین کات یاسایەکی تایبەت بۆ بەرگرتن لە گەندەڵی لە پەرلەمان دەربچێ و سزای توندی ئەوانەش بدا کە گەندەڵکارن.

- حیزبی ئێوە چیی پێشکەش بە پەرلەمان و حکومەت کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی؟

+ هەر خۆی ئێمە وەك حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی، کە ڕەخنە لەو دیاردانە دەگرین و سەرنجی دەسەڵات بۆ سەر خاڵە لاوازەکان ڕادەکێشین، ئەمە شت پێشکەشکردنە، ئێمە دەڵێین حکومەت پێویستە شەفاف بێ لە کار و بڕیاردا، دەڵێین پێویستە یاسا سەروەر بێ، دەبێ دەسەڵاتی حیزب و حکومەت لێك جیا بێ، نابێ نوخبەی سیاسی و ئابووری و ئیداری هەموو یەك کۆمەڵە کەس بن و تێکەڵاو بن، دەبێ خزم خزمێنە و بەرتیل و ڕۆتینیات نەمێنێ.. ئەم داوایانەی ئێمە هەمووی شت پێشکەشکردنە بە پەرلەمان و حکومەت بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی، بە دیوەکەی تریدا کار دەبێتە دەسەڵاتێکی کارا و خزمەتگوزار.

بەڵام ئەم داوایانە کاتێك جێی خۆی دەگری، کە ئەو کەسانەی داوای نەهێشتنی ئەم دیاردانە دەکەن، ئێمە ئەو دیاردانەمان لەخۆمان تەکاندبێ.

ئێمە وەك (حیزبی دیموکراسیخوازان) هەنگاوی یەکەمی ئەم کارەمان هاوێشتووە، ئەویش بە شەفافیبووی لەسەدا سەدی کارەکانمان بەتایبەتی لە بواری بەڕێوەبردن و داراییدا.. هەر لە ڕێگەی شەفافیبوونیشەوە بەپێی مادەیەکی پەیڕەوی ناوخۆ کە لە کۆنگرەی ئەم جارەدا بڕمان لێ دا ڕێگەمان لە دەوڵەمەندبوونی ناشەرعیی ئەندامانی سەرکردایەتی گرتووە، کە بەپێی ئەم مادەیە هەموو ئەندامێکی سەرکردایەتی دەبێ بە نووسراو سەرمایەی خۆی چیی هەیە بۆ سەرکردایەتیی ئاشکرا بکا، بۆ ئەوەی کە دوایی لە پڕێکا بووە کوڕێك، بزانین سەرچاوەکەی لەکوێوە هاتووە.

ئومێد دەکەین بە حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات، کە دەبێ گوتارێکی پێچەوانەی ئەم دیاردانەی هەبێ لەگەڵ میدیاکان و کەسانی ڕۆشنبیر و جەماوەر بە گشتی فشارێك دروست بکەین و کۆمەڵگا لە پەتای گەندەڵی دوور بخەینەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.